شێرزاد حەسەن (چیرۆکنووس)، بۆ "ڕەخنەی چاودێر":

لەنێو ئەو نەوەیەی دایکو باوکی مندا، بەملیۆنەها مردن، بێئەوەی یەکدی بەڕووتی ببینن

سازدانی: ئاسۆ هاشم
بەشی سێهەم

ڕەخنەی چاودێر: پرسیارێکی سادە کە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی منداڵیت، پەروەردەی خێزانێکی هەژارو لەگەڕەکێکی میللیو لەنێو کەلتوورێکی داخراودا؟

شێرزاد حەسەن: دوورترین یادەوەری کە وەک خەونێک، خەونێکی کاڵ کاڵ، کە زۆر بەزەحمەتو بەئاستەمو دووبەرا دێتەوە یادم، کە ئەگەر مانەوەی وێنەیەکی فۆتۆگرافی نەبووایە وەک زۆر رووداوی ناخۆشی دیکە دەمردو دەبوو بە تەمو لەزەینمدا دەڕەوییەوە، ئاخر مرۆڤ بۆ خۆی جگە لەیادەوەری تاڵو شیرین دەبێت هەڵگری چ ناسنامەیەک بێت؟ یادەوەری هەرگیز بەتەنها گەڕانەوە نییە بۆ رابردوو، یادەوەری هەنووکەیەو هەمیشە لێرەیە، نەک لەوێندەرێ، یادەوەری بۆ ڕۆحی پەژمووردە ئەمڕۆکەیە، هەموو نوسەرەکانی دونیا گیرۆدەن بەدەست یادەوەرییەک کە هی رابردووەو کەچی هەموو ئایندەیانی داگیر کراوەو رزگار بوون لەو رابردووە مەحاڵەو سڕینەوەی جۆرێکە لەخۆکوشتن، کەم نووسەر هەیە لەساتەوەختی داهێناندا، ئاگادار بێت یان بێئاگا، نەگەڕێتەوە ناو هەرێمە تاریکەکانی منداڵی، نەگەڕێتەوە ناو ئەشکەوتە تاریکەکانی ڕۆحی خۆی و دەنێو ئەو تاریکیەیدا دەست نەکوتێو بۆ شتێک یان ئەو شتانە نەگەڕێت کە لەوێدا بزری کردوون، لەهەمووشی گرنگتر منداڵی واتا یەکەم سەرسامیو واق وڕمان بەدیار دیاردەکانی سروشتو دۆخە ئاڵۆزەکانی خودی ئادەمیزادەکانی دەوروبەر، یەکەمین گریانو خەنینو لەدایکبوونو مەرگو خوێنو بارانو ڕەشەباو گەردەلوولو یەکەمین جار کەسەر هەڵدەبڕیو مانگ دەبینیو سامو ترسو تریفەیەک دەڕژێتە ڕۆحت، یەکەمین کازیوە، پشکوتنی لەناکاوی گوڵە باخێک لەنێوان شەوێکو بەر بەیانییەکدا، یەکەمین ترسی پاش شەپازللەیەک کە ڕوومەتت ئاگر دەدا، یەکەمین تفو یەکەمین جنێوو یەکەمین تامی سوێریان شیرینی ماچێکی بەپەلەو پڕ لەسۆز، یەکەمین سەرشکانو دڵشکانو ڕۆح شکانو چاوشکان، یەکەمین موچڕکەی لەزەتو شاگەشکە بوون بەڕاچەنینو ڕاموسان.. یەکەمین.. یەکەمین سەرسامیت لەم جیهانە سەیرو سەمەرەیەدا.. داهێنان هەوڵێکی بێ وچانە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ساتە وەختانەو ڕاوکردنەوەی سەرلەنوێی سەرسامییەکانی دوێنێ، گەمەی نووسینو داهێنان مانەوەیەکی ئەبەدییە لەقۆناغی منداڵیدا، لەدەستدانی منداڵی دۆڕاندنی سەرسامییە، لەدەستچوونی سەرسامیش، مەرگی سەرچاوەکانی داهێنانە، هەر لەبەرئەوە سەیر نییە کە (نیکۆس کازانتزاکی) ئامۆژگاری نووسەرو هونەرمەندان دەکات کە ئاگایان لەو منداڵە بێت کە وا دەنێو ڕۆحی هەر یەکێکیاندایەو نەهێڵن بمرێت، مەرگی ئەو منداڵە لەناو ڕۆحتدا مەرگی خەیاڵو سەرسامییەکی هەتا هەتاییە. هەرگیز یەکەمین لەدایکبوونی یەکێک لەبراکانم بیر ناچێت کەبەدەم زریکەوە لەدامێنی دایکم کەوتە خوارێو مامانەکە قریشکاندیو ئاوڕێی لەمن دایەوە کە خۆشی لەخۆم کە برام بۆ پەیدا بووە، یەکەمجارم بوو کە هەم سەرسام بووم، هەم ترسام، هەم تووڕەو غەمگین بووم، سەرسامی ئەوەی کە لەنێو گەڵی دایکمەوە منداڵێک بەدەم زریکەیەکی ئادەمیانەوە هاتە ناو ئەو تاکە ژوورە پەڕپووتەی هەموومان، دەترسام چونکە ناڵەو هاواری بەرەژانەکەی دایکم لەو شەوە تووشەی زستاندا کە تێکەڵ بەهارەی گەواڵەو باوو بۆران دەبوو لەمەرگەوە نزیک بوو تا لەدایکبوون، غەمگینو تووڕە بووم کە منی تەمەن هەشت - نۆ ساڵیان دوور دەخستەوە دەریان دەکردم، سەرماو باڕەشەکەی دەیترساندمو ڕامدەکردەوە ژوورێ، تووڕەو غەمگینتر بووم، چونکە دایکم درۆی لەگەڵ کردبووم، درۆیەکی گەورە کە لەو دایکە پاکو جوانەم نەدەوەشایەوە، پاکو جوان لەچاوی منی نۆبەرە، درۆیەک کە منی لەبەرچاوی خۆم کەمو سووک کرد، درۆیەک کە لەدرۆی پیرەژنە شەیتانییەکانی ناو هەقایەتە کۆنەکان دەچوو، ئاخر دایکە نوێژکەرو هەمیشە لەخودا ترساوەکەم بەمنی وتبووکە من لەدایکبوونم لەو ڕۆژەدا بووە کە زۆری خواردووەو سەرو دڵو گەدەی تێکچووەو ئیدی ڕشاوەتەوە، کەچی خێری خوداو بەرەکەتی ئاسمان منی نۆبەرەو زێدە ئازیز لەناو ئەو ڕشانەوەیەدا هاتوومەتە ناو ئەم ماڵو دونیا خاوێنە، تا ساڵانێکی درەنگترو هەر لەو تەمەنە ساوایەی خۆمەوە ئەو شەوەی کە زانیو ئەو هەقایەتی ڕشانەوەیەم بینیو بیست وامدەزانی من بوونەوەرێکی پیسی ناو ڕشانەوەکانی دایکمم، (ئازاد)ی براشم خوڵقاوی ڕحمی پڕ لەژانو ژوورو خوێنو پڕ لەخەنینی دایکم.

ئەو شەوە شەوی پرسیارو گومانو ترسو خەمی یەکەم بوو، ماوەیەکی زۆر لەنێوان گومانو درۆو ڕاستیدا دیلانێم دەکرد، درەنگتر کە زانیم دایکە درۆی لەگەڵ کردووم مۆنو درۆنگ بووم، کە هەڕاشتر بووم و زانیو لەدایکبوونی مەلو ئاژەڵەکانم بینی، خوێندمەوە، سەد جاران دەخەنیمەوەو دایکە شەرمنو بەستەزمانەکەی خۆم بەخشی، کەمن دواجار لەترسی ئەوەی نەبا بمرێت، توانیم فێڵی لێبکەمو نەهێڵم منداڵی دیکەی ببێت، چونکە لەدوای بوونی (١١) منداڵ ئەو ژنە وردیلەیە تەواو لەڕو باریکو بێهێز ببوو، جارێکیان بەبیانووی سەردانی مەزاری (غەوسی گەیلانی) فێڵم لێکردو بردمە بەغداو ئەمجارەیان من درۆم لەگەڵ کرد، بەناوی ئەوەی کە نەخۆشەو باداریو شەکرەو بیست دەردو دوو میوانییەتی، بردمە لای دکتۆرێکی زاووزێکردنو توانیم دکتۆرەکە قایل بکەم منداڵدانی - ڕەحمی - دایکم ببەستێت، تەواو سەری گرتو منی بیژیو درۆزن بردمە سەر مەزاری (غەوسی گەیلانی) پێم وت: کە لەوێ دوعا بکات کە زاربوو کە خودا بۆ خۆی پەنام بداتو لەبەلاو نەگبەتی زەمانە بمپارێزێت. ساڵانێکی زۆر دوای ئەو گەمە شەیتانییەم بەگاڵتەو گەپەوە شۆخیم لەگەڵ دەکردو پێم دەوت - "ها پلکە زارێ.. هەنووکە وەکی جاران نارشێیتەوە!" ئەویش بەشەرمی ژنێکی کاملتر لەجاران، سەری ماشو برنجی نەوی دەکردو چاوە هەمیشە تەڕەکانی لەمن دەشاردەوەو دەیوت "کوڕەکەم دە چبکەم.. ئەوە درۆی سپی بوو.. ئەتوو دوعا بکە خودا لەسەر ئەوە ئاگری جەهەنەممان پێ جۆش نەدات..!" دایکم هەمیشە دەترساو دەگریا، سەدەها جار تا مرد خۆی بەگوناهبار دەزانیو گوێم لێدەبوو بەدرێژایی ڕۆژەکانو لەهەر پێنج فەرزەکەیدا، پاش نوێژەکان، هاواری دەکردو هەستم دەکرد ناو هەناوی کوورەی دۆزەخەو گڕو کڵپە لەو هەناوە سووتاوەوە سەردەکاو دەگاتە قوڕگیو لەزاریەوە ئەو ئاگری جەهەننەمە دێتە دەر، بێئەوەی هیچ گوناهێک بکات خۆیو منو باوکمو هەموو دونیای بەگوناهبار دەزانی، هەموو هەستانو دانیشتنێکی پێ گوناه بوو، پێ لەمێروولەنان تا دەگا بەقسەکردنو باسی خەڵکی لەپشت ملە، بڕوای وا بوو کە کەڕولاڵو نابیناکانو بگرە هەموو کەسانی کەم ئەندام جێگەی بەزەییو سک سووتانن، بەڵام حیکمەتکی خواهانەی تێدایە کەخودا سەقەتی کردوون، دەیوت چ قەیدییەو لەئاسمان پاداشتی کەمو کوڕییەکانیان دەدرێتەوە، هەتا مەرگی (پەروین)ی خوشکم بەدەستی باوکمو مەرگی (نەسرین) بەکۆکە ڕەشە لای دایکم بێ حیکمەتی ئیلاهی نەبووە، ساڵانێکی زۆر دوای کارەساتی کوشتنی (پەروین) منو دایکم باسی ئەو شەوە شومەمان کرد پێکەوە زۆر گریاین، ئیتر تا مرد جارێکی دیکە منو ئەوو خوشکو براکانم هەرگیز باسی ئەو شەوی مەرگەمان نەکردەوە.. هەرگیز.. چونکە هەموومانی وێران دەکرد، بەتایبەتی منو دایکمو شوکری خوشکم کەسات بەساتی ئەو مۆتەکەیەمان بینیو سەدجاران خەونی ناخۆشمان پێوە بینی، دوو خوشکی دیکەم کەئێستاش ماون هەڵگری ناوی ئەو دوو خوشکەمن کە مردن لای دایکم وا کەوتبۆوە کە هەر دەبێت حیکمەتێکی ئیلاهی تێدا بووبێت کە باوکم بەدەستی خۆی لەشەوێکدا یەکێکیانی ناردەوە لای خودا، ئەوی دیکەشیان کۆکەڕەشە خنکاندنیو خودا بۆ خۆی بردەوە، چونکە دایکم تەنها ڕستەیەکی عەرەبی لەدوای (فاتیحە) فێری ببوو: ئەم ڕستەیە بوو کە لەپای هەر کارەساتێکدا دووبارەی دەکردەوە - "لکل شیئ سبب!" کەواتە بۆ هەموو کارەساتێک هۆکارو حیکمەتی ئاسمانی لەپشتە، بۆ من کە گەورەتر بووم و توانیم فێڵی لێبکەمو بەناوی دەردی زۆرەوە لەسکو زانی بخەم، هەڵبەتە ئەو وەختە دوا ساڵی قۆناغی زانکۆم بوو، لەنێوان ئیمانو گوماندا دیلانێم دەکرد، پتر تەرازووەکەم تا دەهات بەلای گوماندا لاسەنگ دەبوو، تەنها حیکمەتێک ئەوە بوو، لەچاوی منەوە، کە نەدەبوو دایکم چیتر منداڵی ببێت، چونکە تەنها ژوورێکی تەنگەبەرو یازدە منداڵو شەڕو ئاژاوەی هەمیشەی نێوان دایکو باوکمان مەحاڵتر بوو، دواتر کە منو گومانەکانم گەورەتر بووین لەگەڵ (دۆستۆیڤسکی)دا هەمان پرسیارو گومان لەڕۆحمدا سەری هەڵدا "خودایە.. کە خۆت منداڵەکان دروست دەکەیت.. بۆ وازوو دەیانکوژیت؟!"

"لەوێندەرێ.. لەژوورێکی بێ پەنجەرە.. سەربانی سەرەندو بێژنگ ژوورێک.. تەنگو تاریکو ڕەش داگەڕاو ژوورێک لەژوورەکانی دۆزەخ کە خودا بەڕێکەوت لەدەستی کەوتبێتە خوارێ.. لەدایکبووم..! - دەقی: ئەربائیلۆ

ئەوەندەی دەمو لێوی ساردو گەرمیان لەشیشە بەندی دەوری مەزارەکان هەڵسویوە، ئەوەندە لێویان بەر لێوی مێردەکانیان نەکەوتووە، ئەوەندەی لەسەر گۆڕێ پیاو چاکەکان بەدەم موچڕکەوە ڕاچەنیون، ئەوەندە لەنێو پێخەفەکانیان لەتەک دڵخوازو مێردەکانیاندا ڕانەچەنیون.

لەنێو ئەو نەوەیەی دایکو باوکی مندا بەملیۆنەها مردنو بێئەوەی یەکدی بەڕووتی ببینن، چ کەلتوورێکە کە بەهەزار زمانو شێوە زمان نەفرەتی ئەبەدی لەلەش دەکات.

دوای گەمەی شەیتانی من کە بەبەستنی ڕەحمی دایکم کۆتایی هات، کە دوای چەندین ساڵ پێی زانیو هەر خۆم ئاشکرام کرد، هەم پێی خۆشبوو، هەم دەترسا، چونکە بڕوای وا بوو هەردووکمان بەرغەزەبی خودا دەکەوینو لێمان خۆش نابێت، چونکە بڕوای وابوو کە خودا سەری بێ ڕزق دروست ناکات، هەربۆیە دایکم بەترسو شەرمەوە ناوی نابوو "گەمەی شەیتان"، سوێندیشی دام کەباوکم نەزانێت، هەمیشە لەسەر بەرماڵەکەی دوای نوێژ دەمایەوە کە بەدەم پاڕانەوە دوعای دەکردو چاوەکانی تەڕ تەڕ دەبوون کە خودا لەمنو لەویش خۆش بێت بۆ ئەو گوناهە کەبیرەیە کە دەستکاری کردنی کاری ئیلاهییە، هەمیشە لەهەموو نزاو پاڕانەوەیەکی ئەودا لەسەر بەرماڵەکەی، لەسەر مەزاری پیرو پیاوچاکانو غەوسی گەیلانیو ستی ئیمامو شێخ موزەفەرو وەکاشەو نەبی یونس -دا ناوی منی لەسەر

شێرزاد حەسەن لەسەردەمی منداڵیدا لەگەڵ دایکیدا فۆتۆ: تایبەت

تکایە.. نووسین بەرپرسیارێتییە!

"وەڵامێک بۆ جەبار سابیر"

دانا فایەق

لە ژمارە (١١٦)ی پاشکۆی (ڕەخنەی چاودێر)داو لە لاپەڕە یەکدا، نووسینێکی هاوڕێم (جەبار سابیر)م بەرچاو کەوت، کە لێدوانێکی کورتە سەبارەت بە کتێبی (١٢ نامە بۆ ڕۆماننووسێکی لاو)ی ماریۆ ڤارگاس یۆساو تیایدا جگە لەو چەند دێڕە سەرپێییەی لەسەر ئەو کتێبە گرنگە وتوونی، چەند شتێکیشی لەبارەی ڕۆمان و ڕۆماننووسین و دۆخی ئەدەبیی کوردییەوە نووسیوە. من وەک خوێنەرێک گریانم هات بۆ ئەو هەموو هەڵە سەمەرەیەی ئەو برادەرە لەو تۆزە نووسینەدا تێی کەوتووە. خۆ ئەگەر ئەو قسەو بۆچوونانە وەکو ئەو هەموو قسەو بۆچوونە سەقەتانەی ڕۆژانە دەگوترێن و دەبیسترێن لە سەرجادەو ناو چایخانەو شوێنەکانی تر، تەنها قسەی ڕاگووزەر بوونایە، هەرچۆنێک بێت دەمانگووت قەیناکە با ئەم قسانەیش بچنە پاڵ قسە سەقەتەکانی تر، کە پاش چەند چرکەیەکی تر بیردەچنەوە، بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە ئەو قسە نامەنتیقی و پڕ هەڵانە خراونەتە سەر کاغەزو نێردراون بۆ هەفتەنامەیەک، هەفتەنامەکەش لە یەکەم بابەتداو لە لاپەڕە یەکدا بەوپەڕی گرنگییەوە بڵاویکردووەتەوە، دواتریش ئەو نووسینە دەچێتە ناو ئەرشیفی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوەو تاهەتایە بە زانیارییە سەقەت و پڕ هەڵەکانییەوە لەناو ئەو ئەرشیفەدا دەمێنێتەوە.

ئەگەر بمانەوێ وەڵامی دێڕ بە دێڕو سەرجەم ئەو هەڵانە بدەینەوە کە لەنێو نووسینەکەی (جەبار سابیر)دا هاتوون، بێگومان پانتاییەکی زۆری نووسینمان دەوێ و دەکرێ چەندین لاپەڕەی لەسەر بنووسین، بەڵام ئێمە تەنها چەند پەرەگرافێک وەردەگرین و زۆر بە کورتییش قسەی خۆمان دەکەین. هەموو ئەو پەرەگرافانەیش کە دەمانەوێت قسەیان لەبارەوە بکەین، وەکو خۆیان و بێ دەستکاری دەریان دەهێنین، هەرکاتێک خوێنەر گومانی هەبوو لەڕاستیی قسەکانمان و پێی وابوو قسەی ناو ئەو پەرەگرافانە دروستکراون و مومکین نییە شتی وا بنووسرێ، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ نووسینەکەی (جەبار سابیر) لەو ژمارەیەدا کە لە سەرەتادا ئاماژەم پێیداوە.

لە ستوونی یەکەمی نووسینەکەیدا (جەبار سابیر) دەڵێ: (ڕەنگە جوانی سروشتەکەی بێت کە وڵاتانی ئەمریکای ناوەڕاست، یاخود لاتینی زمانی والێکردبێت کە لەم سەدەیەدا زۆرترین و باشترین ڕۆماننووسەکانی دنیا بخوڵقێنێت..). تەنها لەم پەرەگرافە بچوکەدا ڕووبەڕووی چەند هەڵەیەکی سەیر دەبینەوە. سەرەتا دەپرسین بە چیدا زانیت وڵاتانی ئەمریکای ناوەڕاست یاخود لاتینی زمان سروشتەکەی ئەوەندە جوانە، کە بەهۆیەوە یەک لەدوای یەک ڕۆماننووسی باش بەرهەم دێت؟. هەموومان دەزانین کە تۆ نەچوویت بۆ ئەو وڵاتانەو نەتبینیون، ڕەنگە تەنها لەڕێی سەتەلایت و هەواڵەکانەوە بینیبێتت کە باس لە کۆدێتا یاخود بڵاوبوونەوەی نەخۆشی یان هەر نەگبەتییەکی تر دەکرێت، کە ڕوو دەکاتە ئەو وڵاتانە. ئەگەر بە بیستنیش بێت، ئەوەندەی باس لە جوانیی سروشتی فەرەنساو سویسراو ئیتالیاو یۆنان و... دەکرێ، نیو ئەوەندە باس لە جوانیی سروشتی وڵاتانی ئەمریکای ناوەڕاست ناکرێ. دواتر چۆن زانیت و بە چ ئامارێک گەیشتیتە ئەو ڕاستییەی کە زۆرترین و باشترین ڕۆماننووسەکانی دونیا خەڵکی ئەو ناوچانەن؟!. خۆزگە لەلای خۆتەوە هەر بە خێرایی بەراوردێکت دەکرد لەنێوان فەرەنسا بە تەنهاو هەر هەموو وڵاتانی ئەمریکای ناوەڕاست، بتزانیایە کامیان خاوەنی زۆرترین و باشترین ڕۆمان و ڕۆماننووس و بزووتنەوەو گروپی جیاجیای تازەکردنەوەی ڕۆمانن لە جیهاندا؟.. بە ئەرک نەبێ دەتوانیت ناوی دوو ڕۆماننووسی وڵاتانی (جامایکاو هایتی و کوبا و پەنەماو نیکاراگواو دۆمۆنیکاو...)مان پێ بڵێی، کە هەرهەموویان کەوتوونەتە ئەو ناوچانەی تۆ پێت وایە سروشتەکەی یاخود لاتینی زمانەکەی وایکردووە زۆرترین و باشترین ڕۆماننووسەکانی دنیا بخوڵقێنێت؟!.

لە شوێنێکی تری نووسینەکەیدا (جەبار سابیر) دەڵێ: (لێرەوە تێدەگەین کە سیحری سروشت و بوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەو داخراوی کۆمەڵگەکان سێ هاندەری گەورەن بۆ دروستبوونی هەر جۆرە ئەدەب و هونەرێکی داهێنەرانە..). بەپێی ئەم قسەیە بێت دەبوو گەورەترین و داهێنەرترین نووسەرو هونەرمەندەکانی جیهان خەڵکی ئێران و ئەفغانستان و وڵاتانی عەرەبی بوونایە، چونکە بەدرێژایی مێژوو سەرکردەی ئەو وڵاتانە لە دیکتاتۆرترین دەسەڵاتدارەکانی دونیا بوون و بەردەوام کۆمەڵگەیان بەرەو داخران و چەوسانەوە بردووە، سیحری سروشتی زۆربەشیان ڕەنگە کەمتر نەبێ لە سیحری سروشتی وڵاتانی لاتینی زمان. لەوسەرەوە دەبوو وڵاتانی دیموکراتی و کۆمەڵگە کراوەکانی وەکو فەرەنساو ئەڵمانیاو بەریتانیاو... ئەدیب و هونەرمەندی باشیان تیادا هەڵنەکەوتایەو هەر چاویان لە دەستی ئەدیب و هونەرمەندی کۆمەڵگە داخراوەکان و وڵاتی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان بوایە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی جوانیان بۆ بنێرن.

جەبار سابیر لەبارەی ڕۆماننووس و ئاستی ڕۆشنبیریی ڕۆماننووسەوە سەیرترین قسەی خۆی دەکات و دەڵێ: **(ئەمەش ئەوەمان تێدەگەیەنێت کە ڕۆماننووسین بەتەنها بەهرە نییەو سەلیقەو خوێندەواریشە..).** پێدەچێ ئەم برادەرە تا ئێستا نووسینی ڕۆمانی بە بەهرەی خودایی زانیبێ، بەڵام باشبوو دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبە تێگەیشتووە کە تەنها (بەهرە!) نییەو سەلیقەو خوێندەواریشە!.. لە بارەی شیعرەوە گەلێک جار باس لە بەهرە کراوەو زۆرێک هەبوون نووسینی شیعریان بۆ بەهرەی شاعیر دەگەڕاندەوە. ئێستا ئەم قسەیە بۆ شیعریش قورسایی خۆی لەدەستداوەو خوێندەواری و ڕۆشنبیری بە مەرجی سەرەکی دادەنرێ بۆ بوونە شاعیری باش. بەڵام بۆ نووسینی ڕۆمان ئەمە یەکەمین جارە لە دەستی دەمی (جەبار سابیر)ەوە دەیبیستین و خۆشبەختانە ئێستا ئەویش گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی ڕۆماننووس لەپاڵ (بەهرە) پێویستی بە سەلیقەو خوێندەواریەو کارێکە خۆتەرخانکردنی دەوێ!...

بێ ویژدانەترین و نامەسئولانەترین قسە لە نووسینەکەی (جەبار سابیر)دا ئەو پەرەگرافەیە، کە جورئەت و چاوقایمییەکی گەورەی دەوێ مرۆڤ بتوانێ ئەوەندە بێباکانە بینووسێ و بیخاتە بەر چاوی خوێنەر، بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە نووسین بەرپرسیارێتییەو دەڵێ: **(لێرەدا بارودۆخی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لای خۆمانم بیردەکەوێتەوە، لێرە یەک نووسەری نەوەی پێشوو نابینی، کە ئەسڵەن نەک داهێنەر نییە بەڵکو یەک دێڕی نییە لە نووسین بچێت..).** جارێ نازانین (نەوەی پێشوو) مەبەستی کام نەوەیە؟ چونکە نەوەی پێشوو لە باباتاهیری هەمەدانییەوە دەگرێتەوە تا ئەو نووسەرەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٤ بابەتی بڵاوکراوەتەوە. باوەڕ ناکەم بە درێژایی مێژووی نووسین و ئەدەبیاتی کوردی قسەی بێ ویژدانانە کرابێ و کەس جورئەتی کردبێ ئەوەندە بێباکانەو نابەرپرسانە خەتی ڕاست و چەپ بهێنێ بەسەر هەوڵ و نووسینی نەوەیەکدا، کە دەیان قەڵەمی گەورەو داهێنەری مەزنی تێدا هەڵکەوتووە. ئاخر چاووڕوویەکی قایمی دەوێ تۆ بە نەوەیەک کە (شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و ڕەفیق سابیرو محەمەد مەولود مەم و حسێن عارف و عەبدوڵڵا پەشێو و شێرزاد حەسەن و محەمەد عومەر عوسمان و...)ی تێدا هەڵکەوتووە بڵێیت تاکە دێڕێکیان نییە لە نووسین بچێت. بەڕاست (گۆران و پیرەمێردو برایم ئەحمەدو ئەحمەد هەردی و حەسەنی قزڵجی و هێمن و هەژارو....) دێڕێکیان نییە لە نووسین بچێ؟! ئەی بەڕاست ئەگەر کتێبەکانی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و عەلادین سەجادی و شکور مستەفاو مەسعود محەمەدو د. مارف خەزنەدارو د. کەمال مەزهەرو د. عەزیز گەردی و شێخ محەمەدی خاڵ و محەمەدی حەمە باقی و حەمەکەریم عارف و عەبدوڵڵای حەسەن زادەو...) لەناو کتێبخانەی کوردیدا دەربهێنی چی دەمێنێتەوە؟.. هەڵبەت ناوی تر زۆر زۆرن ڕیزیان بکەم و قسەی تریش زۆرن بۆ وتن، بەڵام لە کۆتایی ئەم وەڵامە سەرپێییەدا تەنها یەک داواکاریم هەیە لە هاوڕێم (جەبار سابیر)، ئەگەر بە ئەرکی نازانێ سەیرێکی لیستی ناوی ئەو کتێبانە بکات کە (یانەی قەڵەم) بە تەکلیف و سەرۆکایەتی و سەرپەرشتیی خۆی چاپیکردوون، بزانێت چەند کتێبی بۆ ئەو نووسەرانە چاپکردووە، کە نەک داهێنەر نین، بەڵکو دێڕێکیان نییە لە نووسین بچێت؟!■

danahama75@yahoo.com